هەرێمی کوردستانی عیراق
لیژنەی بالای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونەگشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (زانستی)
SN: 30000001

بەناوی خودای گەورە
0001

ناو: ..................................
بابەت:کیمیا/ کات: 3:30 کاتژمێر
سالی خوێندنی 2020- 2021 (خولی یەکەم)

**A**
71284

وەلامی راست هەلبژێرە، بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە.

**1.** یەکتر راکێشانی گەردەکانی ئاو زاڵ دەبێت بەسەر هێزی هاوبەشە بەندەکاندا لە :

**A**-هەموو ماددە گەردییەکاندا    **B**-ماددە گەردییە نا ئەلیکترۆلیتیەکاندا    **C**-ماددە گەردییە ئەلیکترۆلیتیەکاندا    **D**-هیچیان

**2.** توانەوەییێتی سوکەرۆز دەکاتە 204g لە 100g ئاودا لە 20°C دا، کام لەمانە راستە ؟

**A**- ئاو تواوەیەو شەکر توێنەرە

**B**- گیراوەکە تێرەو بەساردکردنەوەی بەجۆرێك نەجولێنرێت دەبێتە ژوورتێر

**C**- بەتێکردنی 10g ی تر لە تواوە بۆ گیراوەکە دەبێتە ژوور تێر

**D**- گیراوەکە ناتێرە لە پلەی20°C دا

**3.** بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی توانەوەییێتی گاز لە شلدا :

**A**- زۆردەبێت    **B**- کەم دەبێت    **C**- دەشێت زۆربێت یان کەم بێت    **D**- ناگۆڕێت

**4.** ئەو نیشتووەی کە لەئە نجامی کارلێکی نێوان ئاوە گیراوەی کلۆریدی مەگنیسیۆم و فۆسفاتی پۆتاسیۆمدا دروست دەبێت بریتییە لە :

**A**- $KCl$    **B**- $Mg_2(PO_4)_3$    **C**- $Mg_3(PO_4)_2$    **D**- هیچیان

**5.** کام لەم گیراوانەی خوارەوە بەرزترین پلەی کولانی کردەیی ( پێوراو ) هەیە؟

**A**- 0.1m $KCl$    **B**- 0.1m $MgSO_4$    **C**- 0.2m $C_6H_{12}O_6$    **D**- هەموویان هەمان پلەی کولانیان هەیە

**6.** کام لەمانەی خوارەوە ئاوێتەیەکی گەردییە و لە ئاودا دەتوێتەوەو نابێتە ئایۆن ؟

**A**- $NH_3$    **B**- $NaOH$    **C**- $C_2H_5OH$    **D**- $HCl$

**7.** بارستەی NaOH چەندە کە پێویستە هاوکێش بێت لەگەڵ 0.25mol لە ترشی فۆسفۆریك لە کردەیەکی سەنگاندندا ؟(بارستە مۆلی (40g/mol = NaOH

**A**- 60g    **B**- 20g    **C**- 10g    **D**- 30g

**8.** لە کارلێکەگەرمی دەرەکاندا :

**A**- $E\bar{a} > Ea$    **B**- $E\bar{a} = Ea$    **C**- $E\bar{a} < Ea$    **D**- $\Delta H > 0$

**9.** ئەو ترشەی کە ئاوەڵ تفتەکەی لاوازترینە لە نێوان ئەم ترشانەدا بریتییە لە :

**A**- $HClO_4$    **B**- $HF$    **C**- $CH_3COOH$    **D**- $HCN$

**10.** ئەگەر لە کاتی تواندنەوەی ئاوێتەیەکی رەقی ئایۆنی لە ئاودا ، ببێتە هۆی گەرم بوونی دەفری گیراوەکە ، ئەوا کام لەمانە ڕاستە ؟

**A**- $\Delta S = +$ , $\Delta H = -$ , $\Delta G = -$

**B**- $\Delta S = -$ , $\Delta H = -$ , $\Delta G = -$

**C**- $\Delta S = -$ , $\Delta H = +$ , $\Delta G = +$

**D**- $\Delta S = +$ , $\Delta H = +$ , $\Delta G = -$

**11.** یاسای هێنری پەیوەستە بە :

**A**- پلەی گەرمی و توانەوەییێتی گاز لەشلدا

**B**- پەستان و توانەوەییێتی گاز لەشلدا

**C**- پەستان و پلەی گەرمی

**D**- پەستان و توانەوەییێتی شل لە ڕەقدا

**12.** ئەگەر تیرەی تەنۆکەکانی تێکەلێك گەورە تربێت لە1000 nmئەوا تێکەلەکە :

**A**- گیرساوەیەوچوونیەکە    **B**- گیراوەیەوچوونیەکە    **C**- گیرساوەیەوناچوونیەکە    **D**- ملەوناچوونیەکە

**13.** ترشێکە لە پیشەسازی لاستیک وگونجۆک و تەقەمەنیدا بەکاردێت:

**A**- $CH_3COOH$ **B**- $HNO_3$ **C**- $HNO_2$ **D**- $H_3PO_4$

**14.** ترشێتی ئەم ئاوە گیراوانە یەکسانە جگە لە :

**A**- $[H_3O^+]=10^{-9}M$ **B**- $[OH^-]=10^{-5}M$ **C**- $pH=9$ **D**- $pOH=9$

**15.** ئەگەر pH ی گیراوەی HBr بکاتە ( 3 ) ئەوا خەستی مۆلارییەکەی دەکاتە :

**A**- 0.01M **B**- 0.03M **C**- 0.001M **D**- 0.003M

**16.** ماددەیەکی خاوێنەو گەیەنەرێکی لاوازی تەزووی کارەبایە :

**A**-ئاوی دڵۆپێنراو **B**-نائەلیکترۆلیت **C**-ئاوی سوێر **D**- شەکراو.

**17.** ئەو ئایۆنەی کە لەگەڵ ئاودا کارلێك دەکات و ئایۆنی هایدرۆنیۆم بەرهەم دێنێت ، بریتییە لە :

**A**- $Na^+$ **B**- $CN^-$ **C**- $NO_3^-$ **D**- $NH_4^+$

**18.** دوو توخم کە بارستەکانیان یەکسانن و گەرمی جۆرییان جیاوازە گەرم کران لە 25°C بۆ 95°C،کام توخمیان بڕێکی زیاتری وزە دەمژێت؟

**A**- ئەو توخمەی گەرمی جۆرییەکەی بەرزترە **B**- ئەو توخمەی گەرمی جۆرییەکەی کەمترە

**C**- هەردو توخمەکە هەمان بڕی وزە دەمژن **D**- لەو زانیارییانەوە ناتوانرێت دیاری بکرێت

**19.** ئەگەر بزانیت وزەی کارلێککردووەکان دەکاتە 20kJ/mol وە وزەی بەرهەم هاتووەکان دەکاتە 120kJ/mol وە وزەی ئاڵۆزی چالاککراو دەکاتە 180kJ/mol ئەوا وزەی چالاککردنی کارلێکی پاشینە دەکاتە :

**A**- 160kJ/mol **B**- 100kJ/mol **C**- 60kJ/mol **D**- 260kJ/mol

**20.** هەموو ئەمانە گیراوەی ڕێکخەرن جگە لە :

**A**- $HCN,KCN$ **B**- $HCl,NaCl$ **C**- $HNO_2,NaNO_2$ **D**- $CH_3COOH,CH_3COOK$

**21.** گیراوەیەکی ئاوی تواوەیەکی نەفرۆك بەخەستی 1m وپلەی بەستنەکەی دەکاتە -5.58°C ($K_f$ =-1.86°C/m) دەشێت تواوەکە بریتی بێت لە :

**A**- سوکەرۆز **B**- KCl **C**- $Ca(NO_3)_2$ **D**- ئەثیلین گلایکۆل

**22.** کام لەمانە ترشی کلۆرۆزە ؟ **A**- HClO **B**- HCl **C**- $HClO_3$ **D**- $HClO_2$

**23.** کام لەم ئاوێتانە هێزی کێش کردنی نێوان ئایۆنەکانی زیاترە لە هێزی کێش کردنی نێوان ئایۆنەکانی وئەو گەردە ئاوانەی دەورەیان داون؟

**A**- $KNO_3$ **B**- AgCl **C**- $CaCl_2$ **D**- هەردوو وەڵامی A و C

**24.** گیراوەیەك قەبارەکەی 2L ، 150mg لە ترشی سیتریکی تێدایە بارستەمۆڵیەکەی دەکاتە 192.1g/mol خەستی مۆلاریەکەی دەکاتەچەند ؟

**A**- 0.39 M **B**- $3.9x10^{-3}M$ **C**- $7.8x10^{-4}$ M **D**- $3.9x10^{-4}M$

**25.** بە گەرم کردنی 4.0g لە ماددەیەك بڕی 24J وزە دەمژێت ئەگەر گەرمی جۆرییەکەی بکاتە 0.2J/g.°C ئەوا بڕی گۆڕان لە پلەی گەرمی دەکاتە :

**A**- 30°C **B**- 40°C **C**- 25.6°C **D**- 20°C

**26.** لەم کارلێکە گازییەدا : وزە + $2NO_2 \rightleftharpoons 2NO+O_2$ یەکێك لەم هۆکارانە کار ناکاتە سەر لادانی هاوسەنگی :

**A**- بەکارهێنانی هاندەر **B**- گۆڕانی پەستان **C**- گۆڕانی پلەی گەرمی **D**- گۆڕانی خەستی

**27.** خێرایی کارلێکی 4g لە مەگنیسیۆم لەگەڵ گیراوەی HCl دا بەکام لەم خەستییانە هێواشترینە؟

**A**- 0.001M **B**- 0.01M **C**- 0.1M **D**- 1M

**28.** بەهای جێگیری ئایۆنینی ترشی سرکیك ( $K_a$ ) لە $25^{o}C$ دا دەکاتە $1.8x10^{-5}$ ئەم بەهایە چی دەگەیەنێت ؟

A- خەستی ترشی نەئایۆنراو بەرزە B-خەستی ئایۆنی هایدرۆنیۆم وسرکات نزمە

C-خەستی ترشی ئایۆن بوو بەرزە D- (A+B) هەردوکیان

**29.** لەم کارلێکەدا: $2NO_2 \longrightarrow 2NO+O_2$ ئەگەرکارلێکی هەنگاوی یەکەم بریتی بێت لە: $NO_2 \longrightarrow NO+O$ کام لەمانە ڕاستە؟

A - NO نێوانە ماددەیە B-$R=k[NO_2]$ C-$R=k[NO][O_2]$ D- کارلێکەکە پلە دووە

**30.** بیردۆزی برۆنشتد-لۆری بۆ ترش وتفت پشت دەبەستێتە سەر:-

A- بەخشینی جووتە ئەلەکترۆنی نابەشدار B- وەرگرتنی جووتە ئەلەکترۆنی نابەشدار

C- بەرهەم هاتنی ئایۆنی $H_3O^+,OH^-$ بە توانەوەیان لەئاودا D- گواستنەوەی پرۆتۆن لە نێوان ماددەکاندا لەکاتی کارلێکدا

**31.** کام لەم ماددانە تەنها وەکو ترش رەفتار دەکات: A- $HCO_3^-$ B-$CH_3COO^-$ C-$NH_4^+$ D-$HSO_4^-$

**32.** لەم کارلێکەدا : $HCN_{(aq)}+H_2O_{(l)} \rightleftharpoons ? + ?$ یەکێك لە هاوەڵ جووتەکان بریتییە لە :

A-$HCN,H_2O$ B-$CN^-,H_3O^+$ C-$HCN,H_3O^+$ D-$HCN,CN^-$

**33.** ئەگەر توانەوەبێتی فۆسفاتی کالسیۆم، $Ca_3(PO_4)_2$ لەگیراوە تێرەکەیدا بکاتە $7x10^{-7}mol/L$ ئەوا خەستی ئایۆنەکانی کالسیۆم دەکاتە:-

A-$7x10^{-7}M$ B-$2.1x10^{-6}M$ C-$1.4x10^{-6}M$ D-$1.8 x10^{-29}M$

**34.** نیتراتی پۆتاسیۆم لە هەموو ئەمانەدا ناتوێتەوە جگە لە :

A- بەنزین B-$CCl_4$ C-ئاو D- تۆلوین

**35.** تێکردنی سرکاتی سۆدیۆم بۆ ناو گیراوەی ترشی سرکیك دەبێتە هۆی کەم بوونی :-

A-$[H_3O^+]$ B-بەهای $K_a$ C- بەهای pH D-$[OH^-]$

**36.** کام لەمانەی خوارەوە لەو ئاوەی لە هەوادا هەیە ناتوێتەوە بۆ پێکهێنانی گیراوەی ترشی؟

A-$SO_2$ B-$O_2$ C-$CO_2$ D-$NO_2$

**37.** کام لەمانە خێرایی توانەوەی ڕەق لە ئاودا زیاد ناکات ؟

A-گەرم کردنی ئاو B- جوڵاندنی گیراوە C - زیادکردنی پەستان D- هاڕینی تواوە ڕەقەکە

**38.** لەم گازە کارلێکە گەرمی دەرەدا : $2CO+O_2 \rightleftharpoons 2CO_2$ بەزیاد کردنی پەستان :

A-بڕی CO زیاد دەکات B- بڕی $CO_2$ کەم دەکات C-بەهای جێگیری هاوسەنگی ( $K$ ) ناگۆڕێت D-( A+B ) هەردوکیان

**39.** جۆری ئەوگیراوەیە کە بەهای pOH گەورەترە لە pH بریتییە لە :

A - ترش B- تفت C-هاوتا D- ئەمفۆتیری

**40.** ئەم هاوکێشە ئایۆنییە پەتییە: $H_3O^+_{(aq)} +OH^-_{(aq)} \longrightarrow 2H_2O_{(l)}$ تایبەتە بە کارلێکی کام لەم جووتانە؟

A-$NaCl,AgNO_3$ B-$HClO_4,KOH$ C-$Al,HCl$ D-$BaCl_2,Ca(NO_3)_2$

**41.** دوو شل تێکەڵ نابن ئەگەر: A - گەردەکانیان لە نێوانە هێزەکانیاندا لێك جیاواز بن B- گەردەکانیان بێ جەمسەربن

C- گەردەکانیان جەمسەردارن D-گەردەکانیان لە نێوانیاندا بەندی هایدرۆجینی پێك بهێنن

**42.** شێوەیەکی وزەیە لەخۆیەوە لە تەنێکی پلەی گەرمی بەرزترەوە دەگوێزرێتەوە بۆ تەنێکی پلەی گەرمی نزم تر:

A - گەرمی B- گەرمی جۆری C- پلەی گەرمی D- گەرمی کارلێك

**43.** لەم کارلێکەدا : $N_2+3H_2 \longrightarrow 2NH_3+92kJ$ بەهای (-92kJ) کام لەمانە دەنوێنێت :-

**A**-گەرمی پێکهاتنی $NH_3$    **B**- گەرمی سووتانی $N_2$    **C**- گەرمی کارلێك    **D**- هەموویان

**44.** یەکگرتنی سۆدیۆم لەگەڵ ئۆکسجیندا خێراترە لە یەکگرتنی ئاسن لەگەڵ ئۆکسجیندا لە هەمان بارودۆخدا بە هۆی :-

**A**- خەستی    **B**- سروشتی کارلێکردووەکان    **C**- پلەی گەرمی    **D**- بوونی هاندەر

**45.** لەم کارلێکە پلە سێ یەدا : $A+2B \longrightarrow C$ بینرا بە جێگیربوونی [B] وە بە سێ ئەوەندە کردنی [A] خێرایی کارلێك دەبێتە نۆ ئەوەندە ،ئەوا پلەی کارلێك بە پێ ی B دەکاتە :

**A**- سفر    **B**- یەك    **C**- دوو    **D**- سێ

**46.** لەم کارلێکەگازییەدا : $2SO_2+O_2 \longrightarrow 2SO_3$ ئەگەربزانیت $\Delta H_f^0 SO_2=-296.8kJ/mol$ , $\Delta H_f^0 SO_3=-395.7kJ/mol$ , ئەوا گەرمی سووتانی پێوانەیی $SO_2$ دەکاتە :

**A**- -197.8kJ/mol    **B**- -98.9kJ/mol    **C**- -296.8kJ/mol    **D**- -395.7kJ/mol

**47.** لە کارلێکی هاوکێش بوونی کام لەم گیراوانەدا بەهەمان خەستی، خوێیەك بەرهەم دێت pHی کەمترینە؟

**A**- HCN,NaOH    **B**- KOH,HCl    **C**- KOH,HF    **D**- $HCl,NH_3$

**48.** لەم کارلێکە گازییەدا : $A+2B \rightleftharpoons 2C$ بەهای جێگیری هاوسەنگی $K$ لە25°C دا دەکاتە (4)، لە باری هاوسەنگیدا [C]=0.24M , [A]=0.12M, ئەوا [B]چەندە؟

**A**- 0.12M    **B**- 0.346M    **C**- 0.25M    **D**- 0.48M

**49.** لە گیراوە ئاوییە روونەکانی کام لەمانەدا لە 25°C دا ئەم پەیوەندییە : pH+pOH=14 ڕاستە ؟

**A**-ترشی    **B**-تفتی    **C**- هاوتا    **D**- هەموو ئەوانەی پێشوو

**50.** کام لەمانە هەڵەیە ؟

**A**- هەر چەند بەهای $\Delta H_f^0$ ی ئاوێتەیەك کەمتربێت ئاوێتەکەجێگیرتر دەبێت .

**B** - لە باری هاوسەنگیدا هەردوو کارلێکی پێشینەو پاشینە بەردەوام دەبن .

**C** - کرداری تێکشکانی بەند گەرمی مژە .

**D** - بەرزبوونەوەی پلەی کوڵان ڕەوشی کۆکاری گیراوە نیە .

# A

وەڵامی نموونەیی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی (زانستی) بابەتی کیمیا

بۆ ساڵی خوێندنی 2020 - 2021 ( خولی یەکەم )

| # | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | C | B | B | C | C | C | D | A | A | A | B | C | B | D | C | A | D | A | C | B | C | D | B | D | A |
| B | D | A | B | D | C | D | C | C | C | C | D | D | B | C | B | B | C | B | C | D | B | B | A | D | A |
| C | B | A | B | C | B | D | C | B | C | A | D | A | A | C | D | A | B | C | D | D | D | A | A | A | C |
| D | C | B | B | A | D | C | A | B | B | B | A | B | A | D | C | C | B | C | B | C | A | D | B | C | C |

| # | 26 | 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 32 | 33 | 34 | 35 | 36 | 37 | 38 | 39 | 40 | 41 | 42 | 43 | 44 | 45 | 46 | 47 | 48 | 49 | 50 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | A | A | D | B | D | C | D | B | C | A | B | C | C | A | B | A | A | C | B | B | B | D | B | D | D |
| B | A | B | C | A | C | B | B | A | C | D | B | D | A | A | A | C | C | B | D | A | B | D | A | A | B |
| C | A | D | C | D | D | B | B | A | C | B | B | B | C | C | D | C | B | C | A | D | B | A | B | C | B |
| D | C | A | D | C | D | B | D | D | D | A | C | D | B | A | B | A | A | C | B | A | C | D | B | A | D |